بەرەوبەرایەتی هاتووچە: سزای پێبژاردن دەبێتە ئەلیکترۆنی

هاتووچەی عێراق رایگەیاند، سزای پێبژاردن دەبێتە ئەلیکترۆنی لە رێگەی ئەپلیکەیشنێکەوە شۆفێران دەتوانن، لە چەنتی سزاکانیان ئاگاداربن .

ئەمە یەکشەممە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچەی عێراق لە راگەیەندراوێکدا وتی، تەمارکردنی سزاکانی هاتووچە لە رێگەی رادارەکانی شەقامەکان، لە ١ـی تەمووزەوە کۆتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و ماوەی ٢٤ کاتژمێر بە بەردەوامی کاردەکەن.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەپلیکەیشنەکە ناوی چاوی عێراقە (عین العراق)، هەوەکە بە ئاسانکاریی بە هاوڵاتیانی عێراق و زانینی سزاکانی شۆفێریکردنیان، دووپاتیشیکردەوە، لە رێگەی ماستەر کاردی ئەلیکترۆنییەوە شۆفێران دەتوانن سزا پێبژاردنەکانیان بدەن، داواش لە سەرجەم شۆفێران دەکەن، ئەپلیکەیشنەکە لە مۆبایلەکانیان دابەزێنن، هەر ئاگادار کردنەوەیەک هەبێت لەسەر سزاکانیان راستەوخۆ پێیان دەگات.